# نووسەرێك بەڕێز بێت ڕێز لە خۆی و خەڵكیش دەگرێت!

محەمەد وەسمان ڕەسول
پشدەر/كوردستان – ٨/٦/٢٠٠٤

ئەو مرۆڤانەی چەنەبازن ، چاك و خراپیش دەڵێن ، ئاگایان لە درۆكانی پێشووی خۆشیان نامێنێت ، حەمەسەعید حەسەن ، خۆی بۆ هەموو مەیدانێك دەكوتێت ، زوو بۆچوونی خۆی هەراج دەكات ، لە وتاری (تەنانەت تۆش كاك مەسعود) دا ، دەمی لە باسێك وەرداوە ، پاشماوەی قسەی جەماوەری شەقامەكانی كوردستانە ، جەماوەری كوردستان چ بلێن مافی خۆیانە ، چونكە ئەمان باجی ئەو كارەساتانە دەدەن كە بەسەر كوردا دێت !. نەك حەمەسەعیدێكی مەكروە لای كورد كە لە ئارامی و كامەرانیدا دەژی ئامادە نیيە باجی ووشەیەك بدات !، من لە ناوەڕۆكی وتارەكە نادوێم چونكە هی ئەو نیيە هەواڵدزراوە ، ئەوەی مەبەستە حەمەسەعید نووسەرێكی ڕاستگۆ نیيە ، لەوەی دوێنێ نووسیویە بێ ئاگایە و ئەمڕۆ لێی پاشگەز دەبێتەوە .. یاخود لە هەردوو باردا بۆ بەرژەوەندی خۆی دەنووسێت . ئەوەتا لە وتارێكدا دەڵێت : ( پارتی خراپە و سەرۆكێكی باشی هەیە ) ... كەچی پشتی چەند ڕۆژێك و لە وتاری ڕۆژی ٦/٧ دا لەو قسەیەی پاشگەز دەبێتەوە سەرۆكی پارتی وەپاڵ تەشەرەكانی سكرتێری یەكێتی دەنێت و دەڵێت ( گوتمان مامە لەمێژە خەریكی فریودانی خەڵكە ، ئەدی كاكە تۆ بۆچی هەمان ڕێ دەگریتەبەر؟ ). وەكی دیش دەڵێت ( ئاخۆ ئیدی بە چ هیوایەكی ساختەی دیكە ، مێگەلی كورد فریو بدەن؟ ).

دەبوو حەمەسەعید بە ئەدەبەوە قسەی بكردایە و بە چاوی سووكە تەماشای كوردی نەكردایە و بە مێگەلی دانەنایە ... ئەی باشە دەڵێت : ساختەچی و فریودەر .. چۆن و كامە درۆیان فت دەكەیت؟. ئەویان یاخود ئەمیان؟. نووسەرێك بەڕێزبێت ، ریز لە قەڵەم و وشەكانی رابورد و ئێستا و ئایندەش دەگرێت و خۆی بە قەشمەری مێژوو ناكات.

***************